# پانۆراما... زنجیرەی یازدەم

## بۆمبابارانی قەڵادزێ لەکەیەکی ڕەشە بە نێوچەوانی شۆڤینیەتی عارەب

فـەهـد گـردەوانـی

هەرجارەی دەینووسێت



**یەکەم... جەژنی کرێکاران**...یەکی ئایار جەژنی هەموانە ، بۆ ئەوەی هاوکاری و پشتگیری کرێکاران بکرێت لەهەر کونجێکی ئەو سەر زەمینە.جیاوازی ڕەنگ و نەتەوە و ئایینی بۆ هیچ لەو کرێکارانە ناکرێت کە بەو بۆنەیە جەژن و ڕێپێوان دەگرن .کرێکارانی کوردستان ئەوە 16 ساڵە دوور لە دەسەڵاتی ناوەندی ڕژێمی داگیرکەر ئەو جەژنە یاد دەکاتەوە ، بەڵام هەتا ئەمڕۆ بە شێوەیەکی نارێک و بێبایەخ .هۆکارەکانی گەلێک زۆرن کە ڕەنگە چەند نوسینێکی بوێت بۆ ئەوەی دەستنیشانی ئەو کەموکوڕیانەی بکرێت،ئەگەرچی هەر یەکە لەوحیزبانەی کوردستان خاوەنی ئەندامانی کرێکار و جوتیار و زەحمەتکێشانن و سەندیکای کرێکارانیش هەیە . لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە لە کوردستان فەرمانبەر و خاوەن کۆمپانیا و سەرمایەدار لەو ڕۆژە ڕۆژی پشوویانە و کرێکار و کاسبکار و هەژار و فەقیر کاردەکەن .ئەوە دەبوایە ببێتە جێگای نارەزایی ئەو ڕێکخرا و سەندیکانیەی پشتگیری کرێکاران دەکەن و داواش لە دەوڵەت و حکومەتەکە بکەن ڕۆژی یەکی ئایار دەبێت کرێکار پارە و کرێی خۆی وەربگرێت و ڕۆژی پشوودانیشی بێت ،جا ئەو کرێکارە لای کۆمپانیای تایبەت کاربکات یا لە کۆمپانیای گشتی .

**دووەم...پشت ئاشان**...پێشمەرگەکانی شەهیدانی پشت ئاشان ، هەر هەموویان لەو دەڤەرە چالاکیان لەدژی ڕژێمی فاشی عێراقی دەنواند و هەر یەکە وازی لە خوێندنی دانشگا و قوتابخانە هێنابوو و هەندێکیان لە ئەوروپا گەڕابونەوە و خۆیان گونجانبوو لەگەر ژیانی پێشمەرگایەتی. ئەو شۆڕشگێرانە ،بۆ بەرەنگاری بوونەوەی سیاسەتی فاشیانەی ڕژێمی بەعس ،خۆیان گەیاندەوە کوردستان و ژیانی خۆشی و ئارامی و ئاسودەیەیی ئەوروپا یان پشت لێکرد.چەکدارانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە رابەری جەلال تاڵەبانی و نەوشێروان مستەفا ،بۆ ئەوەی گفتوگۆ و دانوساندنیان لەگەڵ ڕژێمی بەعس بەرەو دوا قۆناغ بچێت ، دەستی خۆیان سوورکرد بە خوێنی ئەو شەهیدە سەربەرزانە و گاڵتەیان بە لاشەی شەهیدان و دیللەکان کرد.هەر لە گۆڕەپانی شەڕدا دیلیان شەهید کرد و ئافرەتیان هەتک کرد .ئەگەرچی یەکێتی نیشتمانی جاری یەکەم نەبوو کە دەستی بە خوێنی شەهیدان سوور بکات، بەڵام ئەو ڕووداوە بووە پەلەیەکی ڕەش بە نێوچەوانی سەرکردایەتی یەکێتی و لە دنیادا ریسواکران.ئەو کاتە دەگوترا، گوایە هەندێک لەو کادیر و لێپرسراوانەی ناو یەکێتی، دژی کارەساتەکە بوون ، بەڵام بە ئاشکرا هیچ بڵاوکراوەیەک و نووسراوێک دەرنەچوو.هەر لەو ڕۆژگارەدا بۆ ئەوەی جەلال تاڵەبانی ڕووی خۆی و یەکێتی سپی بکاتەوە نامەیەکی نارازایی ئاراستەی حیزبە شیوعیەکانی ناوچە و دەرەوە کرد و ڕەخنەی لە حیزبی شیوعی عێراق گرت.نامەکەی فڕێ درایە تەنەکەی زبڵ و دیسان لە کۆبونەوەی شیوعییەکان کارەساتی پشت ئاشان ریسواکرا و پشتگیری خۆیان بۆ حیزبی شیوعی عێراقی ڕاگەیاند و تاوانەکە خرایە ئەستۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان .یەکی ئایار بۆ حیزبی شیوعی عێراقی دەبێتە ڕۆژی شەهیدانی خەباتگێر ،لە پێناوی نیشتمانێکی ئازاد و میللەتێکی بەختیار .بۆ ئەو ڕۆژە سەری ریز و نەوازش دادەنوێنم بۆ شەهیدانی هاوڕێم، کە

زۆربەیان هاوڕێی نزیکم بوون لە کۆمەڵەی خوێندکارانی عیراقی و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا.حیزبی شیوعی عێراقی دەبێت ساڵانە یادی ئەو شەهیدانە بکاتەوە و لاپەڕەی رۆژنامەکانی رەشداربکات .

**سێیەم... بۆمبارانی قەلادزێ...** ئەو شارە گەورەیە لە بەر چاوی رای گشتی و عێراقی کەوتە بەر هێرشی رژێمی فاشی عێراقی و بووە هۆی شەهیدکردنی ئەو هەموو خەڵکە سیڤیلەی قەلادزێ و ئاوارەبوونی خەڵکی شار .ئەو کارەساتە بووە لەکەیەکی رەش بە نێوچەوانی شۆڤینیەتی عارەب و بێدەنگی ئەو وڵاتانەش بووە هۆی پێداگرتن بۆ ئەوەی میللەتی کورد دووچاری ئەو کارەساتە ببێت .خەڵکی تێکۆشەری شاری قەلادزێ لە پێناوی بەرەو پێشەوە بردنی باری خوێندن ، پارێزگاریان لە دانشای کوردستان کرد و بەدڵێکی شۆڕشگێرانە باوەشیان بۆ خوێندکارانی کوردستان کردەوە ،بەڵام رژێمە فاشیەکەی بەغدا چاوی هەڵنەدەهات کە خوێندکاری کورد هێز و توانا بداتە خوێندن و پلەی زانستی بەرز بکاتەوە بۆیە فرۆکەکانی رژێم ئەو شارە خۆشەویستەی بۆمباباران کرد و خەڵکی دەربەدەر و ئاوارە و شەهید کرد.ئا لێرەوە جینوسایدی رژێمی فاشی دەست پێدەکات .ئەمساڵیش ئەو یادە تێپەڕێ بەبێ ئەوەی تەنگوچەڵەمەی ژیانی خەڵکی ئەو دەڤەرە چارەسەر بکرێت .نەمری بۆ شەهیدانی شاری قەلادزێ .

**چوارەم...دوعا بووە ئەستێرەیەک لە ئاسمانی ئێزیدیستان...** ئێزیدی وەکو خەڵک و وەکو ئایین ، هیچ تاوانبار نین لە کوشتنی دوعا ، بەڵام خەڵکی [باشیکی و بە هزاني] تاوانبارن بۆ ئەوەی ئەو کەسانە دەستنیشان بکەن و بزانن کێن ئەوانەی ئەو تاوانەیان ئەنجام داوە. ئەوانەی بەردبارانی دوعایان کرد ، بیانەوێ و نەیانەوێ ئەوا دین و عادەت و رەوشت و کوردایەتی ئێزیدیستانیان بەرد باران کرد و رێگایان بۆ دوژمنانی کورد و خەڵکی یەزیدی خۆشکرد بۆ ئەوەی بەرامبەر جیهان بەسووکی سەیر بکرێن و ببێتە هۆی دروست بوونی ئاژاوە . ئەو گەنجانەی بەو نامرۆڤایەتیە رەفتاریان کرد دەبێ پاداشی خویان وەربگرن و بەرامبەر خەڵکی یەزیدی و خەڵکی جیهان سزای خۆیان وەربگرن .دەسەڵاتی کوردی دژی کوشتینی ژنە بە هەر ناوێک و لەژێر هەر بیانووەک دا بێت بۆیە دەبێت حکومەت یاسای خۆی بخاتە کار بۆ ئەو مەسەلەیە ، رێگاش نەدات لەپێناوی پاراستنی ناموسی گاڵتە بە کچ و ژن بکرێت . ئەو پەندە راستە کە دەڵێت :

**مرۆڤ دەتوانی گوڵێک لێبکاتەوە ، بەڵام ناتوانی هاتنی بەهار رابگرێت.**

**پێنجەم...ساڵیادی حکومەتی هەولێر و سلێمانی** ...لە 7ی ئایار ساڵێک بەسەر بەیانی یەکگرتنەوەی بەناوی هەردوو حکومەتی پارتی و یەکێتی تێدەپەڕی .هەردوولا جارجارە تیر و بزمار لەیەکتر دەگرن . ئەوانەی جاران لەهەردوو راگەیاندن دەوری پیس و پۆخڵیان دەبینی و بەنزینیان بە شەڕی کوردکوژی و یەکترکوژی دادەکرد ،هەنوکە دیموکراتیانە هاوار دەکەن دەبێ راگەیاندن و سیاسەت و هاوکاری و برایەتی لەوپەری باشی دابێت و لەبەر چاوی دوژمنان دەبێ یەکگرتوویت.ئەوکاتە بۆ ئەوان رەوابوو لە راگەیاندنە رووزەردە کانیان بەکەیفی خۆیان گاڵتە بە تەرمی کوژرا و دیل بکەن .هەنوکە سوێندی بەسەری یەکتر دەخۆن و لە سیمیناری یەکتر بەشداردەبن ، کەسیش پێیان نابێژێ ئەو تەبایە ، کەی سەری هەڵدا و مەرگ و گیانی ئەو خەڵکەش کە بووە قوربانی هیچ ، کێ لێی بەرپرسیارە .سبەی ئەگەر دادگایەکی عادیلانە وبوێرانە لە کوردستاندا دابمەزرێ و [یاسا سەروەربێت ،وەکو دەڵێن] دەبێت گەلۆ کێ بخرێتە قەفەسی تاوانباران و دادگایی بکرێت .جەردی دیل و کوژراوی هەردوو لا جگە لە دەستگای شەهیدان لە کوێ بڵاوکراوەتەوە و ئەو شەهیدانە دەخرێنە کامە بزاڤ و لەکوێی دەفتەری سەروەری ناویان تۆمار دەکرێت .ئەگەر ئەو شەهیدانە هەنوکە زیندوو بوان چەکی شەڕی یەکترکوژیان هەڵدەگرت ،یا چەکدارانی هەردوو زلحیزب هەنووکە تێگەیشتوون و شەڕی یەکتر ناکەن . ساڵێک تەمەنێکە بۆ ئەوەی بەراستی هەردوو حکومەت تێکەڵاو بکرێتەوە .ئازایانە دەنگدان بکرێت و چەند کەسانێکی پاشکۆخاوێن هەڵبژێرن بۆ ئەوەی خزمەتی جەماوەر و خەڵکی رەشورووتی کوردستان بکەن .چۆن یەکگرتنەوەیە و هێشتا هەندێک لە وەزارەتەکان یەکگرتوونین.با ناوێکی تر لەو سێ حکومەتە بنرێت ،هەتا بەیەکجاری یەکدەگرنەوە. بمری شەڕی ناوخۆیی و نەفرەت لە شەڕی براکوژی و خۆکوژی.

**شەشەم...سەرۆکی فەرنسا...** نیکۆلا سارکۆزی بووە سەرۆک، باڵی راست جارەکی تر سەرکەوتنی بەدەست هێنا و سارکۆزیش بووە سەرۆکی شەشەمی کۆماری فەرەنسا.بەرامبەرەکەی نوێنەری سوسیالیست [سیگۆلین رۆیال] دۆڕاندی و لە هەمانکاتدا داوای سەرکەوتنی بۆ ئەو سەرۆکە تازەیە خواست.هەردوکیان لەپێناوی فەرەنسایەکی پێشکەوتوو و عیلمانی هەوڵدەدەن و هەریەکەیان خاوەنی پرۆگرامی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیەتی .بەگوێرەی هەواڵەکانی ماسمێدیا ، سەرکەوتنی سارکۆزی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گڤتوگۆیە[دەباتە]ی دواجار لە تەلەفیزیون ئەنجامیان دا و سارکۆزی لەوەڵامەکانیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا.[نەخشە لە کوردستانی خۆشمان بێت ،بە گفتوگۆ و دیبایتی سیاسی پرۆسێسی دەنگدان بکرێت و چەکی خۆکوژی بخرێتە ناو زبڵدان]. نیکۆلای

ساركۆزی دایكی یەهودی یە و باوكی هەنگاری یە. لە 1955/1/28 لە پاریس لەدایك بووە. حزبەكەی ناوی [حیزبی یەكێتی لە پێناو بزوتنەوەی میللیدا ]یە.شەشەم سەرۆكی فەرەنسایە پاش دیگۆل [1890/11/22 ـ 1970/11/9 ] و پۆمیدۆ [1911/7/5 ـ 1974/4/2 ] و جیسكاردیستان [1926/2/2 ] و فرانسوا میتران [1916/10/26 ـ 1996/1/8 ] و جاك شیراك [1932/11/29 ].

حەفتەم...ئافەرین توركیا...توركەكان هاتنە سەر شەقام و پڕ بەدەم هاواریان كرد ،نامانەوێ دەوڵەتێكی ئیسلامی ، دەمانەوێ عیلمانی و دیموكراسی . ئاواتەخوازم كوردەكانی توركیا دەنگ بە كۆمارێكی ئیسلامی توركی نەدەن . كە بە داخەوە جاری پێشوو ، دەنگیان بۆ ئەربەكان داو كەچی هیچی بۆ كورد و كوردستانەكەی توركیا نەكرد .ئەو عیلمانیانە[سێكولاریزمانە] راستە ئاڵای سووری توركی و پورترێتی مستەفا كەمالی ئەتاتورك بەرزدەكەنەوە ،بەڵام دەیانەوێت دین لە دەوڵەت جیا بكەنەوە و وانەكەن دین گرێدراوی دەوڵەت بێت . ئەوەش دیموكراسیەت فرەوانتر دەكات و زیاتر دەتوانرێت خەڵكی بەبێ جیاواز بەشداری پرۆسیسەی پێشكەوتنی دەوڵەت بكرێت .كاتی خۆی خومەینی بە حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانی گووت ، ئێوە جاران دژی شا بوون و شای ئێرانیش دژی دیموكراتیەت بوو ،هەنووكە پێویست ناكات ناوتان دیموكرات بێت، كۆماری ئیسلامی بۆ هەمووانە هەموو موسڵمانین . كەچی خومەینی بەناوی ئیسلام فەتوای قەتلوعامی كوردی لەژێر ئاڵای شیروخەنجەری ئیسلام دا.هەتا ئەمڕۆش بەو دیموكراتی یەی ئیسلامی ئێران دەبینین ناوی [عومەر]ەكانی موسڵمانی كوردستانی چۆن دەبێتە [ئەمیر] لە ترسی رژێمی كۆنەپەرستی ئێران .ئەوا بینیمان بەناوی ئیسلام چۆن كوردستانیان كردووە بە دۆزەخ لە خەڵكی سیڤیل و بێدەسەڵات .رەجەب تەیبی سەرۆكوەزیرانی توركیا، بۆ ئەوەی لەبەرامبەر هەڕەشەكانی ژەنەراڵە سەربازەكان خۆ رزگاربكات هاواری لێهەستا كە گوایە حیزبەكەی ئەو عیلمانی یە و ئیسلامی نی یە.ئەوەش پاشگەزبوونەوەیە بۆ ئەو رێبازەی كاتی خۆی دەنگی بۆ حیزبەكەی پێیەیدا كرد.هەنووكە زۆر بەبێ شەرمانە عەبدوڵاگوڵیش دەستی خۆی كێشایەوە لە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی توركیا.هەتا ئەمڕۆ دەنگێكی عیلمانی لە توركیا هەیە كە ناخوازێ توركیا ببێتە نموونەی ئێران.كوردستانی توركیا لەژێر سایەی حیزبی ئیسلامی توركیا هیچی بەدەست ناكەوێت چونكە هەروەكو خومەینی قورئانی كردبۆ وە و باسی ئۆتۆنۆمی و مافی چارەنووسی كوردی تێدا نەدۆزیبۆوە، ئاواش حیزبەئیسلامییەكانی توركیا مافی كورد لە رێبازی خۆیان نادۆزنەوە و با مام جەلالیش هیچ پروپاگەندە بۆ ئەو سەركردەفاشیانەی توركیا نەكات چونكە هەتا بنمیان لە دژی بوونی كورد و ئازادی كوردستانن .

هەشتەم...ئانا نیكۆڵ سمیث...باوكی [دانیالینا] زانرا كێ یە. كچەكەی ئانا كە تەمەنی حەوت مانگە زانرا كێ باوكیەتی .كە ئانا مرد بەلای كەمیەوە سێ پیاو خۆیان كردبووە باوكی كچەكەی گوایە لە[ژێر مێز][بەدزی یەوە پەیوەندی یان لەگەڵ ئانا هەبووە]وە ،كەچی هیچیان هەونەبوون كابرایەكی تر ئاشكرابوو ئەویش ،فۆتۆگراف و وێنەگری [لاری بیركید] دەرچوو كە باوكی كچەكەیە كاتێك [د.ن.ئەی]ئازمایشكرا. مێردی[دۆستی..هاوسەری..هتد] ئانا كە ناوی [هاوارد ك.شتێرن]ە ، زۆر سەرسورمان بوو،كە دۆستەكەی لەهەمانكاتدا یەكێكی تری هەبووە ، بەڵام گووتی{ شەڕناكەم بۆ ئەوەی مافی پەروەردەكردنی منداڵەكە لە لاری وەربگرمەوە} .بۆ ئەو منداڵەش كارێكی چاك بوو ،كە زانی بابی راستەقینەی كێ یە.

نۆیەم...فرۆشتنی هەواڵ...دیلێكی ئینگلیستان ،هەواڵی دەستگیركردنی سەربازە بەریتانییەكانی بە ناوەندەكانی راگەیاندن فرۆشت .ئێران وا دەزانێ خێر بە دنیا دەكات و دیلەكانی ئینگلیستانی ئازاد كرد.نەیزانی بە گران لەسەری دەوەستێت كاتێك مافی مرۆڤ پێشێل دەكات. دیل نابێت رووت بكرێتەوە و بەزۆر داوای لێبكرێت ببێتە تاوانبار .ئێران داوای لەو سەربازانەی ئینگلیستان كردووە كە بەرامبەر كامیرا بڵێن هاتووینەتە ناو ئاو و سنووری ئێران، ئەگەرنا حەوت ساڵ زیندانی دەكرێن .ئەو سەربازانەش لەوكاتەدا بە قسەیان كردوون ،كە ئازاد كران و گەیشتنەوە وڵاتی خۆیان ، بە ئاشكرا باسی ئەو چاوپێكەوتنە و كارەساتەكانی ناو زیندانیان كرد .ئەو ئەوروپیانە راستگۆیانە گوتیان [خیانەت]مان لە وڵاتمان كردووە كە گووتومانە ئێمە خەتابارین و هاتوینەتە ناو ئاوی ئێوە و سنوورمان بەزاندووە ، بەڵام ناچار كراوین ئەگەرنا چاوەڕوانی ئەوە بووین لەناو تابووت[سەندووقی مردوو]رەوانەی ئینگلیستان دەكراینەوە. هەردوولا ئەو سەربازانە و ئێرانییەكان چەند راستگۆن و چۆن لە مەسەلەكە دەكۆڵنەوە ئەمەیان بەلای منەوە گرنگ نی یە . ئەوەی گرنگە دەبێ هەتا لەناو زیندانیش ریزی مافی مرۆڤ بگیرێت ،جا ئەو مرۆڤە تاوانبار بێت یان بێتاوان .

دەیەم...گەرما...کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان زەنگی ترسناک لێدەدات . لە راپورتەکەی دەڵێ: زەوی قەت ئاوا نەخۆش نەبووە .ئاو و هەوا گۆڕانی بەسەر هاتووە بە هانای ئەو وڵاتە هەژارانە بکەوین و ئاژەڵی ژێر زەوی و ناو ئاو و سەر زەوی رزگار بکەین .ئەی دەبێت گەرمای ئەمساڵ چی بەسەر خەڵکی هەولێر و کەرکوک و سلێمانی و دهۆک بهێنی و چۆن بەبێ کارەبا و ئاو خۆیان بپارێزن ، ئەوە مرۆڤەکان جا ئاژەڵیش لە کوردستان هەرباسی ناکرێت .

فـەهد گـردەوانـی2007/5/8ستوکهۆلم